پشتیوانی لە براکەت بکە ئەگەر ستەمکار یان ستەملێکراو بێت

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پشتیوانی لە براکەت بکە ئەگەر ستەمکار یان ستەملێکراو بێت»، پیاوێک ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، دەبێت پشتیوانی بم وسەری بخەم کاتێک ستەمی لێدەکرێت، ئەی ئەگەر ستەمکار بێت چۆن پشتیوانی بم وسەری بخەم؟ ئەویش فەرمووی: «ڕێگری لێدەکەیت لەوەی ستەم بکات، ئەمە پشتیوانی کردن وسەرخستنێتی».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکردووە بەوەی مسوڵمان دەبێت برای مسوڵمانی سەربخات وپشتیوانی لێبکات ئەگەر ستەمکار یان ستەملێکراو بێت، پیاوێک ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، دەبێت پشتیوانی بم وسەری بخەم کاتێک ستەمی لێدەکرێت بەوەی ستەمەکەی لەسەر لابدەم، ئەی ئەگەر ستەمکار بێت چۆن پشتیوانی بم وسەری بخەم؟ ئەویش فەرمووی: نەهی لێدەکەیت ودەستی دەگریت وڕێگری لێدەکەیت لەوەی ستەم بکات، ئەمە پشتیوانی کردن وسەرخستنێتی بەسەر شەیتان ونەفسی فەرمانکار بە خراپە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4236